# له تیۆرییه‌وه‌ بۆ پراكتیك

# چاوخشانێك به‌ پرۆژه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راستی گه‌وره‌

مه‌جید ساڵح

## پێشه‌کی

بۆ دوو ساڵ ده‌چێت پـرۆژه‌ی رۆژهـه‌ڵاتی ناوه‌راست وباكوری ئـه‌فریقا له‌ لایـه‌ن سـه‌رانی (G8)وه‌ ره‌زامه‌ندی لـه‌ سـه‌ركراوه‌ وهه‌شـت ولاّتـه‌ پیـشه‌سازییه‌ گه‌وره‌كـه‌ی دونیـا( ئـه‌مریكا ، فه‌ره‌نـسا ، ئـه‌ڵمانیا ژاپۆن، روسیا، بریتانیا، ئیتالیا، كه‌نه‌دا) له‌ دانشتنێكی تایبه‌تدا له‌ حوزه‌یرانی ساڵی 2004 لـه‌ رێگـه‌ی بلاّوكردنه‌وه‌ی پرۆژه‌یه‌كی نوێوه‌ هه‌ندێك ئیزافاتیان كرده‌ سه‌ر ئه‌و پرۆژه‌ی ئه‌مریكا كه‌ پێشتر لـه‌ 12 ی سـیپته‌مبه‌ری 2002 لـه‌ لایـه‌ن "كـۆڵن پـاوڵی" وه‌زیـری ده‌ره‌وه‌ی ئـه‌و ده‌مـه‌ی ئـه‌مریكاوه‌ پێـشنیار كرابوو. له‌م نوسینه‌دا هه‌وڵ ده‌ده‌ین پیداچوونه‌وه‌یه‌كی سـه‌ره‌تایی بكه‌ینـه‌وه‌ بـه‌ "پـرۆژه‌ی رۆژهـه‌ڵاتی ناوه‌ڕاسـتی گـه‌وره‌"و ئامـانج و مه‌رامـه‌كانی و ئـه‌و ره‌خنـه‌و ئاسـته‌نگانه‌ی هاتونه‌تـه‌ رێگـه‌ی و پاشان جیاوازییـه‌كانی لـه‌ گـه‌ڵ پرۆژه‌كـانی تـر بـۆ ریفـۆرم وگـۆڕان لـه‌ ناوچـه‌كه‌ لـه‌ كۆتایدا رۆڵـی "نـاتۆ" لـه‌ پرۆژه‌كه‌ ده‌خه‌ینه‌ روو.

## پرۆژه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راستی گه‌وره‌:

وه‌ك پێشتر ئیشاره‌تمان پێدا بۆ یه‌كه‌م جار له‌ دوازده‌ی سیپته‌مبه‌ری ساڵی 2002 رێك پاش ساڵێك له‌ كاره‌ساتی 11 سـیپته‌مبه‌ر پـرۆژه‌ی رۆژهـه‌ڵاتی ناوه‌راسـتی گـه‌وره‌" "The Middle EAST" لـه‌ لایه‌ن وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی پێشووی ئه‌مریكا "كۆڵن پاوڵ" وه‌ خرایه‌ روو. هاوكات لـه‌ گـه‌ڵ بلاّوبوونـه‌وه‌ی ئه‌و پرۆژه‌یـه‌ پـاوڵ دامه‌زرانـدنی " دامـه‌زراوی ئینترپرایز Enterprise"ی ڕاگه‌یانـد وپابه‌نـد بـوونی ولاّته‌كـه‌ی بۆهاوكـاری كردنـی ولاّتـانی سـعودیه‌و لوبنـان وجـه‌زائیر و یه‌مـه‌ن بـۆ بوونـه‌ ئه‌نـدام لـه‌ رێكخـراوی بازرگـانی جیهـانی دوویـات كـردوه‌ و رایـشی گه‌یانـد كـه‌وا لـه‌مـه‌ودوا ئـه‌مریكا هـه‌وڵ ده‌دات ئاڵوگۆڕی بازرگانی لـه‌ گـه‌ڵ وولاّتـانی عـه‌ره‌بی بـه‌ تایبـه‌ت میـسر وبـه‌حره‌ین فـراوان بكات . هـه‌ر بـه‌و پێیه‌ش ئه‌مریكا هه‌موو توانایه‌كی ده‌خاته‌ كار بۆپێشخستنی هه‌ر پرۆژه‌یه‌كی ریفۆرم خـوازی لـه‌ بـواری سیاسی وئابوری و كۆمه‌ڵایه‌تی وچاككردنی بواره‌كانی په‌روه‌رده‌و فێركردن و په‌ره‌پێدانی رێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵی مه‌ده‌نی و سه‌قامگیری دیموكراسی له‌و ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راستدا. له‌ پاڵ ئـه‌م به‌رنامه‌یـه‌ی

کە پاوڵ ڕێبەرایەتی دەکرد ، "دیك چینی"جێگری سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە کۆبونەوەی ڕێکخراوی ئابوری جیهانی(WEO) کە لە مانگی کانونی دووەم 2003 لە داڤۆسی سویسرا بەستڕا "ستراتیژی پێشڕەو بۆ ئازادی" خستە روو رایگەیان کەوا لەمەولا ولاتەکەی پشتیوانی لە هەموو ئەو کەسانەدەکات کە دەیانەوێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا ریفۆرم بکەن. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردوە کەوا حکومەتەکەی بۆش"سورە لە سەر ئەوەی لە سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوروبەرەکەشی دیموکراسیەت پایدا بکرێت". لە لایەکی تریشەوە نوێنەری ئەمریکا لە ""ناتۆ"" نیکۆلاس بۆرنز لەو ووتارەی کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 2003 لە دانیشتنی سەرانی "ناتۆ" لە پراك پێشکەشی کرد داوای لە ولآتانی ئۆرو پاکرد کە لەمەولاّ هەموو تواناکانیان بخەنەکار بۆ دابینکردنی ئاسایش وئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. لە مانگی نۆڤەمبەری 2003 ئەمریکا بە شێوەیەکی رەسمی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی راگەیاند و لە حوزەیرانی ساڵی 2004دا بە رەسمی خستیە بەردەم ولآتانی گروپی هەشتەوە(G8).

### ئەو هۆکارانەی کە ئەمریکای ناچارکرد ئەم پرۆژەیە بخاتە روو:

پاش یازدەی سیپتەمبەر لە نیۆ سیاسەتمەدارە ئەمریکییەکاندا ؛ بە تایبەت موحافیزکارە نوێکاندا بۆچونێك سەری هەڵدا پێیان وا بوو یەکێك لە هۆکارە راستەقینەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم لە وولآتانی عەرەبی وئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی لە بواری ئابوری ونەبوونی دیموکراسیەت و بوونی حکومەتی دیکتاتۆری فاسد لەو ولآتانە و بێبەشکردنی هاوولآتیان لە مافی بەشداریکردن لە کاروباری سیاسی . هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەمریکیەکان کردبوویان ئەو راستیەی دەرخستبوو وولآتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرچاوەی تیرۆریزمن لە لایەن بەشێکی بچوکی دەسەڵآتدارەوە بەرێوەدەبرێت وهەموو سەروەت وسامانی ئەو ولآتانەیان کۆنترۆڵکردوە وبونەتە هۆی دواکەوتوویی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگاکانیان. ئەو چینەش پێیان وایە ئەوە ئەمریکیەکانن کە بوونەتە هۆی مانەوەی ئەم حکومەتە دیکتاتۆریانە، هەرلەبەرئەوەشە رووی پەلامارەکانیان کردوەتە ئەمریکاو کارەساتی وەك 11سیپتەمبەری 2001 دەخولقێنن. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە کە لە ولآتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ریفۆرمی ئابوری بکرێت ومافەکانی مرۆڤ پەرەیان پێبدرێت ودیموکراسی بکرێتە ئەمری واقع لەو ولآتانە بۆ ئەوەی خەڵکەکانیان بتوانن زۆرترین بەشداری بکەن لە بەرێوەبردنی مەسەلە سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتیەکانی نیشتمانەکانیان. بەم جۆرە لە ولآتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراسیەت وئیستقراری ئابوری وکۆمەڵایەتی دروست دەبێت وچیتر خەڵکی ئەو ولآتانە بیر لە کاری توندوتیژی وتۆڵەسەندنەوە ناکەنەوە ونابنە هەڕەشە بۆ سەر جیهانی ڕۆژئاوا. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشتی بەستوە بەوئامارە ترسناکانەی لە "راپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی جیهانی عەرەب" کە لە لایەن

UNوەئامادەكرابوو.لێرەدا بۆ بەرچاو روونی خوێنەران هەندێك خاڵی ئەو راپۆرتە دەخەینە روو:

- بەرهەمی ناخالسی نەتەوەیی هەر22 ولاٌتە عەربیەكەی جامیعەی عەرەبی كەمترە لە ئسپانیا.
- 40٪دانیشتوانی ولاٌتە عەرەبیەكان خوێنەواریان نییە.
- تاكو ساڵی 2010 زیاتر لە 50 ملیۆن هێزی كار دێنەبازاڕی ولاٌتانی عەرەبیەوە وپێویستە ساڵانە بەلای كەمەوە شەش ملیۆن كاری نوێ بدۆزرێتەوە.
- تاكو ساڵی 2010 ژمارەی بێكاران لە ولاٌتانی عەرەبی دەگاتە 26 ملیۆن كەس.
- سێ یەكی دانیشتوانی ولاٌتانی عەرەب رۆژانەكەیان كەمترە لە دوو دولار.
- 3.5٪ئەندامی پەرلەمانەكانی عەرەب ژنن؟.
- ولاٌتانی عەرەب بەهەموویانەوە 1.1٪ كتێب چاپ دەكەن و15٪ كتێبەكانیش ئاینین. ژمارەی ئەو كتێبانەی لە یۆنان وەردەگێردرێن پێنج جار زیاترە لەوەی لە هەموو ولاٌتانی عەرەب وەردەگێڕێن. ئەو لە كاتێكدایە تەنیا 11 ملیۆن كەس بە یۆنانی قسە دەكەن.
- لە جیهانی عەرەبیدا بۆ هەر1000كەس تەنیا 53 رۆژنامە چاپدەكرێت، كەچی لە ولاٌتە پێشكەوتووەكاندا 285 رۆژنامە بۆ هەر هەزاركەسە واتە پێنج بەرامبەری عەرەب.
- تەنیا1.6٪ عەرەب ئینتەرنێت بەكاردەهێنن، بیابانی ئەفریقا لە ئەو رێژەیە زۆرترە.
- 51٪لاوانی عەرەب حەزیان لەوەیە كۆچ بكەن بۆولاٌتانی رۆژئاوا.

**نەخشەی پرۆژەی رۆژهەلاٌتی ناوەراستی گەورە:**

ئەو نەخشە جوگرافیەی كە ئەمریكا بۆ پرۆژەكەی داناوە جگە لە هەموو ولاٌتە عەرەبییەكان ؛ ولاٌتانی توركیا، ئیسرائیل، پاكستان، ئەفغانستان و ئێران دەگرێتەوە. ئەو ولاٌتانە جگە لە ئیسرائیل و توركیاو پاكستان كە جۆرێك لە دیموكراسیەتیان تێدایە وئابورییەكانیشیان تا رادەیەكی زۆر كراوەیە، بەلاٌم تێكرایی ولاٌتانی عەربی وئێران لە رووی سیستەمی حوكمڕانی وباری ئابووری ونەبوونی شەفافیەت وئازادی رۆژنامەگەری و دواكەوتوویی كۆمەلاٌیەتی و باری نەخوێندەواری و تەندروستیەوە زۆر لە یەك نزیكن. بە واتایەكی تر دەكرێت بلێین جگە لەو ولاٌتانەی كە ناومان هێنان ولاٌتانی رۆژهەلاٌتی ناوەراستی گەورە بە دەست سێ گرفتەوە دەنالێن: یەكەمیان نەبوونی ئازادی دووەمیان بێكاری وسێیەمیشیان دواكەوتوویی سیاسی وئابوری ، بە تایبەت لە ناو ژناندا.

**پێشنیارەكانی ئەمریكا لە پرۆژەكەدا بۆ ریفۆرم:**

بۆ دەربازبوون لەو دۆخە ناڵەبارەی كە ناوچەكەی تێدا دەژی لە "پرۆژەی رۆژهەلاٌتی ناوەڕاستی گەورە"دا سێ ئاست دەست نیشانكراوە تاكو ریفۆرمی تێدا ئەنجام بدرێت:

**یەكەم: ئاستی سیاسی**

له پرۆژەکەدا هاتوە پێشکەوتنی دیموکراسی وبەرفەرابوونی حکومەتی یاسا پێویستی بەوە هەیە لە ولاّتانەدا بوارەکانی مافی مرۆڤ وئازادییە بنەڕەتیەکان وپلۆرالیزم وئازادی بیروڕاو و پرەنسیپی بەشداریکردنی سیاسی خەلْك پەرەیان پێبدرێت. ئەوە جگە لە ئەنجامدانی شێوازی بەرێوەبردنی دەزگا حکومییەکان کاراکردنیان بە شێوەیەکی هاوچەرخانە ودوور لە رۆتینی کوشندە کە یەکێکە لە سیماکانی ئیدارەی حکومەتەکانی ناوچەکە.

دووەم: کۆمەلاّیەتی کولتۆری

کارکردن بۆ ئەوەی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەلگا بتوانن بخوێنن وفێربن ورێژەی نەخوێنەواری لەو ولاّتانەدا دابەزێنرێت بۆ کەمترین ئاست، بە تایبەتی لە ناو کچان وژناندا. هەروەها هەولْدان بۆ یەکسانی نێوان ژن وپیاو وئازادیرادەربڕین و بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی ورەخساندنی هەلی بەشداریکردن لە چالاکیە کولتوری وکۆمەلاّیەتیەکاندا.

ئاستی سێەم: ئابووری

لە پرۆژەکەدا هاتوە دەبێت هەلی کارکردن بۆ هاولاّتیانی ناوچەکە بە یەکسانی بڕەخسێنرێت. هەروەها دەبێت کاربکرێت بۆ گەشەسەندنی کەرتی تایبەت وبازرگانی ئازاد و سەرمایە گوزاری.کارکردن بۆ بەستی پرۆتۆکۆلّی هاوکاری ئابوری لە سەر ئاستی ناوچەکەو جیهان یەکێکیترە لە ئامانجەکانی پرۆژەکە. جگە لەوانەش پرۆژەکە کاردەکات بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لە پێکهاتەی ئەو یاسایانەی کە دەبنە بەربەست لە بەردەم ئازادی هاتوچۆی کالاّو سەرمایە لە ناوچەکەو جیهان. پرۆژەکە دەیەوێت لە رێگەی هاوکاری دارایی وتەکنیکیەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ئابووری ناوچەکەدا دروستبکات.

بە مەبەستی کار ئاسانی وپێشخستنی پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی وئابوری و کۆمەلاّیەتی لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە ، ئەمریکیەکان سێ زەمینەیان دەستنیشانکردوە بۆ ئەوەی بگەن بەو ئامانجانەی کە لە پرۆژەکەدا دەستنیشانکراوە .

1. پەرەپێدانی دیموکراسیەت.

پشتگیری کردنی هەموو ئەو رێکخراوو گروپانەی کە کار بۆ سەپاندنی دیموکراسی دەکەن لە ناوچەکەدا سەرەکی ترین کاری پرۆژەکەیە. ئەوپشگیریە جگە لە رووە داراییەکەیەوە دەکرێت پشگیرییەکی تەکنیکی وفێرکاری و گونجاندنی هەلومەرجی سەرهەلْدانی بزوتنەوە دیموکراسی خوازەکانیش بێت. ئەمریکیەکان لە ماوەی رابردوودا لە رێگەی هەندێك میدیای خۆیانەوە وەك "تەلەفزیۆنی الحره ورادیۆ سەوا و رادیۆ نەوا "وە کاربکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داخوازی گەلانی ناوچەکە بۆ هەلْبژاردنی ئازاد ودیموکراسیانە ، لەلایەکی ترەوە چەندین رێکخراوی تری وەك"NDI" وە هەولْی ئەوە دەدەن هەلْبژاردنەکانی ناوچەکە بە شێوازێکی زانستی بەرێوە بچێت ولە هەر هەلْبژاردنێکیشدا تا بۆیان دەکرێت چاودێری خۆیان رەوانەی ئەو شوێنانەکردوە.

لە رووی راهێنانی کارمەنـدانی کۆمیـسۆنەکانی هەڵبـژاردن وئەنـدامانی پەرلەمانیـشەوە بـە تایبـەت ژنان لەم پرۆژەیەدا گرنگی تایبەتی پێدراوە، پەرلەمانتارەکان لە سـەر شـێوازی دانـانی یاساو چۆنیەتی ئەنجامـدانی ریفـۆرمی یاسایی و سیاسـی..هتـد رادەهێنـرێن. هاوکات لـە گـەڵ ئەوانەشدا کار بـۆ ئـەوە دەکرێت لە ولاٚتانی رۆژهەلاٚتی ناوەڕاستدا رێکخراوەکانی"NGO" دروست بکرێت. ئەمریکاییەکان شان بەشانی نەتەوە یەکگرتوەکان ویەکێتی ئۆروپا لە بەرنامەیاندایە لـە سیـستەمی دادوەری ئـەو ولاٚتانـەی کە دەکەونە چوارچێوەی پرۆژەکەوە ریفۆرمی بنەڕەتی دروستبکەن.

میدیاکان لە پـرۆژەی رۆژهـەلاٚتی ناوەڕاسـتی گـەورەدا تایبـەتمەنـدی خـۆی هەیـە، پـێش هـەر شـتێك پرۆژەکە دەست نیشانی ئـەو راستیانەی کـردوە کـە میـدیای زۆربـەی ولاٚتـانی رۆژهـەلاٚتی ناوەڕاست بـە تایبـەتی ولاٚتـە عەربیـەکان وئێـران بـە شـێوەیەکی پتـەو لـە کـۆنترۆڵی دەسـەلاٚتدارانداییەو سانـسۆری پێشوەختیان لە سەر پەیرەو دەکرێت. هەربۆیە لەو میدیایانەدا جگە لە پڕوپاگەنـدەی چەواشە هیـچی تر نادرێت بـە پـەیامەوەرگران، ئـەوەش وای کـردوە خـەڵکی ئـەو ولاٚتانـە بـە شـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر بێئاگابن لەوەی لە دەرەوەی ولاٚتەکانیان دەگوزەرێت وخەڵك نەتوانن بەشداری چالاٚکانە بکەن لە رەوتـی سیاسی ولاٚتەکانیان. بۆ چارەسەری ئەوە پرۆژەکە هەندێك رێوشوێنی داناوە تاکو میدیای ناوچـەکە لـەو رکودە دەرباز بێت کە تێدایە، لەوانە کردنەوەی خولی فێرکردن وراهێنان بۆ ئەو رۆژنامە نووسانەی کـە سەربەخۆن ودەیانـەوێت بـە شـێوەیەکی حیرفـەی کار بکـەن. هـەروەها وەرگرتنـی خوێنـدکارانی بـواری میدیا لە زانکۆکانی رۆژئاوا ، لە گـەڵ ئەوەشـدا مامۆسـتایان وشـارەزایانی مـاس میـدیا رەوانـەبکرێت بـۆ زانکۆکانیرۆژهەلاٚتی ناوەراست بۆ وتنەوەی نوێترین شێوازەکانی کارکردن لە میدیاکاندا.

## 2. دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پشت بەستوو بە زانست وتەکنەلۆژیا.

دواکەوتوویی ولاٚتانی عەرەبی لە بواری زانست وتەکنەلۆژیا بە رادەیەکـە زۆربـەی هاووڵاٚتیـانی ئـەو ولاٚتانـە بـە شـێوەیەکی خـەم هێنـەر لـە دونیـای هاوچـەرخ دابـڕاون. بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێـشەیە پرۆژەکە دەیەوێت تاکو ساڵی 2010 رێژەی نەخوێنەواری لەو ولاٚتانەدا کەمکاتەوە بۆ 50٪ بە تایبـەت لـە نـاو ژنانـدا ئـەویش لـە رێگـەی تـەرخانکردنی بۆجەیـەکی تایبـەت بـۆ ئـەو مەبەسـتە. لـە رێگـەی رێکخـراوی (وینـسکۆ)وە کـار بۆئـەوە دەکرێـت تـاکو سـاڵی 2008 زیـاتر لەسـەد هـەزار مامۆسـتای ژن ئامادەبکرێت بـۆ ئەوەیبـە هۆیانـەوە بەرنامـەی" خوێنـدن بـۆ هـەموان" بخرێتـە بـواری پراکتیکەوە. یارمـەتی دانیبـواری پـەروەردەو فێرکـردن بـۆ لـە چاپدانی کتێبـی مەدرەسـەو گـۆڕینی مەنهەجـەکانی خوێنـدن بـە شـێوەیەك لـە گـەڵ هەلومـەرجی هاوچـەرخدا بگونجێت وخوێنـدکار نـوێترین زانـستی بـە مۆدێرن ترین شێواز پێ بگات.

## 3. رەخساندنی هەلی ئابووری.

بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی ناوچەکە ، پـرۆژەی رۆژهـەلاٚتی ناوەڕاسـتیگەورە پێـی وایـە

تاکە چارەسەر ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابووریە لە هەموو ولآتانی رۆژهەلآتی ناوەراستی گەورە. بۆ ئەو مەبەستەش ئازادکردنی کەرتی تایبەت بە تایبەت پیشەسازی بچوك وناوەند رۆلی سەرەکی لە سەرخستنی ئەو ریفۆرمەدا دەگێرن. پرۆژەکە بۆسەرخستنی ریفۆرمی ئابوری لە ناوچەکە بەرنامەیەکی لەم چەشنەی بەدەستەوەیە:

- دامەزراندنی بانکی پەرپێدان و دابینکردنی سەرمایەی پێویست بۆ پەرەپێدانی ئابوری.

ئەوەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەمریکا بە هاوکاری ولآتانی تری پیشەسازی بانکێکی تایبەت بۆ پەرەپێدانی رۆژهەلآتی ناوەراست بکەنەوە بە ناوی "بانکی پەرەپێدانی رۆژهەلآتی ناوەراستیگەورە" ئەم بانکە سەرمایەی پێویست دابین دەکات بۆ ئەنجامدانی هەندێك پرۆژەی وەك پێشخستنی بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن وتەندروستی وهەندێك ژێرخانی تر. جگە لەوە "کۆمپانیای سەرمایەگوزاری رۆژهەلآتی ناوەراستی گەورە" دروست بکرێت بۆ پێدانی قەرز بە کۆمپانیا بچوك وگەورەکانی ناوچەکەتاکو لە رێگەیانەوە کەرتی پیشەسازی ولآتانی ناوچەکە پەرە بسێنێت.

- ریفۆرم لە بەشی دارایی.

ولآتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرچاو دابراون لەو ئالۆگۆرە داراییەی کە لە سەر ئاستی دونیا کار دەکات، بۆ زیاتر تێکەلکردنی ولآتانی ناوچەکە بە سیستەمی دارایی جیهان پرۆژەکە کاردەکات بۆئەنجامدانی ریفۆرمی دارایی ئەویش لە رێگەی کەمکردنەوەی دەسەلآتی حکومەتەکان بە سەر بەشی بانکداری لە ولآتەکانیان . هەروەها ئەو لەمپەرانە هەلگیرێن کە دەبنە رێگر لە بەردەم ئالۆگۆری دارایی لە نێوان ولآتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی تایبەت و ولآتانی جیهان بە شێوەیەکی گشتی. جگە لەوەش ئەو سیستەمی بانکداریەی کە ئێستا ولآتانی ناوچەکە کاری پێدەکەن زۆر کۆن وناکارایە ، بۆیە پرۆژەکە لە رێکەی تەرخانکردنی بۆجەیەکی تایبەتەوە دەیەوێت نوێگەرایی لەو سیستەمەدا بکرێت.

- پێشخستنی بازرگانی ئازاد.

زۆربەی ولآتانی رۆژهەلآتی ناوەراست ئالۆگۆری بازرگانی لە گەلّ ولآتانی دەرەوەی ناوچەکە دەکەن وبە شێوەیەك تەنیا 6٪ ئالۆگۆری بازرگانی لە نێوان خۆیاندا دەکەن. بۆ هەلگرتنی هەموو ئەو بەربەستانەی کە وادەکەن ئەو ئالۆگۆرە لاوازە هەبێت ، پرۆژەکە دەیەوێت لە رێگەی یارمەتی دانی وەرگرتنی ولآتانی ناوچەکە لە رێکخراوی بازرگانی جیهانی و دامەزراندنی تەکتولی ئابوری ودروستکردنی ناوچەی ئازادی بازرگانیەوە بازرگانی ولآتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرچاو پێشخات.

**بۆچوونی ولآتانی رۆژهەلآتی ناوەراستی گەورە لە سەر پرۆژەکە :**

هەر لە سەرەتاوە عەرەبەکان بە چاوی گومان و ترسەوە تەماشای پرۆژەکەیان دەکرد؛ بۆیە پێش ئەوەی پرۆژەکە بخرێتە بواری پراکتیکیەوە، ولآتانی عەرەبی بە شێوەیەکی بەربلآو دەستیان دایە

هێرشکردنە سەری وبەوەیان لە قەڵەمدا کەوا ئەمریکا دەیەوێت لە رێگەی ئەم پرۆژەوە بە شێوازێکی نوێ داگیریان بکات ودەستێوەردانە لە کاروباری وڵاتەکانیان. زۆر لە رۆشنبیرانی عەرەبیش بە تایبەتی نەتەوەیی وئیسلامییەکانیان، پرۆژەکەیان بە هەژموونگەرایی ئەمریکاو نەخشەی ئیمپریالیستی وتەنانەت زایۆنیستی دژ بە نەتەوەی عەرەب لە قەڵەمدا و پێیان وابوو ئەمریکا دەیەوێت لەم رێگەیەوە جێپێی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە هێزتر بکات بۆ بردنی سامانی نەوت. هەندێکی تریش پێیان وابوو ئەمریکا دەیەوێت لە رێگەی ئەم پرۆژەیەوە رووی خستنە رووی ئەم پرۆژەیەوە رۆخساری خۆی لە ناو گەلانی ناوچەکە جوانکات ورای گشتی جیهانیش بەو ئاراستەدا ببات پەلاماری سەر عیراقیان لە بیر بباتەوە. لە سەر ئاستی رەسمیش سکرتێری جامیعەی عەرەبی عەمرو موسا لە پێشی پێشەوەی ئەوانەیە پرۆژەکە رەد دەکەنەوە وپێی وایە( دەسپێشخەریەکی گوماناوی وناتەواو وناجێگیرە) سەرۆکی میسری حوسنی موبارەك پرۆژەکەی پێ باش نییەو پێی وایە لە کاتی جێبەجێکردنیدا جیهانی عەرەبی رووبەرووی مەترسی زۆر دەبێتەوە، بەحرین وسودان وسعودیەش پێیان وایە پرۆژەکە لە "بەرژەوەندی عەرەب وناوچەکەدا نییە". بەڵام سەرۆکی یەمەن عەلی عەبدوڵلا ساڵح پێی وایە سەردەمی دیموکراسیەت دەستی پێکردووەو کۆتایی بە دیکتاتۆریەت هاتوە، داوا دەکات ئەو ریفۆرمانەی ئەمریکا دەیەوێت جێبەجێ بکرێت ودەڵێت:" با خۆمان سەری خۆمان بتاشین پێش ئەوەی بۆمانی بتاشن".بۆچوونی ئوردون وقەتەر ومەراکشییەکانیش نزیکە لەمەی یەمەنەوە.

هەڵوێستی ئێرانیەکانیش کە لە ناوجەرگەی نەخشەی "پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە"دان، سەرەرای ئەوەی هەردوولایان لە یەك خانەدان، بەڵام دەکرێت بە دوو بەشەوە؛ بەشێکی تێروانینی باڵی ریفۆرمخوازە کەپێی وایە ئەمریکا نیەتی راستەقینەی ئەنجامدانی ریفۆرم نییە لە ناوچەکەدا، بەڵکو ئەوە بەرژەوەندیەکانیەتی کە ئێستا وای لێکردوە قسە لە سەر ئەو مەسەلەیە بکات وگومان دەکەن لەوەی ئەمریکا تاکو سەر راستگۆ بێت. بەڵام باڵی راست هەڵوێستێکی هاوشێوەی وڵاتە عەرەبیەکانیان وەرگرت وزۆربە توندی لە ئاستی لە هەموو ئاستەکانیدا بەرپەچ درایەوەو بە پلانێکی" شەیتانی گەورە"یان وەسف کرد بۆ دەست بە سەراگرتنی جیهانی ئیسلامی. بەڵام تورکەکان دەیانەوێت لە پرۆژەکەدا رۆڵی میحوەری وکاریگەر بگێرن ، لە سەروی هەموشیانەوە رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکی" پارتی عەدالەت وپەرەپێدان(AKparti)" پرۆژەکەیان بە باش زانی و داوای هێندێك دەسکاری کەمیان کردبوو تێدا. ئەفغانستان و پاکستانیش هەڵوێستێکی نەیارانەیان نەنواند کە جێگەی باس بێت.

بەڵام ئەوە بە تەنیا عەرەبەکان نەبوون کەهەڵوێستێکی نێگەتیڤانەیان بەرامبەر پرۆژەکە هەبوو. بەڵکو زۆربەی وڵاتانی یەکێتی ئۆروپاش دوو دڵ بوون لە مەرامە راگەیەندراوەکانی ئەمریکا لەو پرۆژەیەو پێیان وابوو ئەمریکا لە پاڵ ئەو ئامانجانەی کە باسی لێوە دەکات مەرامی تری شاراوەی

هەیـە. هەربۆیـە کەسـێکی وەك شـیراك سـەرۆك کۆمـاری فەرەنـسا بـە راشـکاوانە دەڵێـت" جوڵانـدنی ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەوانەیە ببێتە هۆی بەهێز بوونی ئسولێەت و کەوتنـە داوی شـەڕی شارستانیەتەکان".

هەندێك لە وڵاتە عەربیەکان، پێش ئەوەی باهۆزی پرۆژەکە هەڵکات ؛ کەوتنەخۆیان وهەریەکەو بە شێوەیەك دەستی کرد بە کرانەوە لە رووی دیموکراسیەدا بەو شێوەیەی کەخۆی گەرەکیـەتی؛ بۆنموونـە لە ساڵی رابردوودا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی سعودیەدا هەڵبژادرنی ئەنجومەنی شارەوانیەکان بە بـێ بەشـداری ژنـانی ئـەو وڵاتـە بەڕێوەچـوو.هەڵبژاردنـەکانی ئەنجومـەنی گـەلی میـسریش بـۆ یەکـەمجار تارادەیەك پەراوێزێك لە ئازادی بە خۆیەوە بینی و کوەیتیەکانیش رێگەیان لە بەردەم ژنانی وڵاتەکەدا والآکرد بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا و سوریاش بەناچاری لوبنانی بەجێهێشت و عیراقیش بـوو بـە خـاوەن دەسـتور وپەرلـەمانی هەڵبـژێراوی خـۆی. جامیعـەی وڵاتـانی عـەرەبیش هەوڵـەکانی خـۆی خستەکار تاکو بتوانێت بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرگیری بکات لەو ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوانەی کـە بـە رێـوەن. جێیخۆیـەتی لێـرەدا هەڵـسەنگاندنێکی کـورت بکـەین بـۆ بۆچـوونی سیاسـەتمەدارو رۆنـاکبیرە سەربەخۆکانی عەرەب کە دەکرێت لـەم رستـەیەی" مـونزیر سـلیمان"ی پـسپۆر لـە کاروبـاری سـتراتیژی کورت بکرێتەوە کاتێك دەڵێت (ئەمریکییەکان دەیانـەوێت وڵاتـانی ناوچـەکە لـە رووی سیاسـی وئـابوری وتەنانـەت کولتوریـشەوە ببەسـتەنەوە بـە خۆیانـەوە.. ئـەم پرۆژەیـە تـەنیا ئەوکاتـە سـەردەکەوێت کـە ئەمریکا کێشە گەورەکانی ناوچـەکە چارەسـەر بکـات). مەبەسـتیش لـە کێـشەگەورەکان چارەسـەرکردنی کێـشەی عـەرب-ئیـسرائیلە. لـە راسـتیـشدا هۆکـاری سـەرەکی نـارەزایی گـەلانی عـەرەب لـە ئـەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی ئاشکراو نەگۆڕی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پشتگیری کردنی ئیسرائیل. هەڵوێستێك کە بە بەردەوامی ئەمریکای لە بەرچاوی گەلانی عەرەب ناشیرین کردوە.

## ئۆروپا وپرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە:

راستیەکی مێژوویە کە ئۆروپییەکان پێش ئەوەی ئەمەریکا ببێتە زلهێزێکی جیهانی، وەك داگیرکەر هاتبوونـە ناوچـەکە وبـە شـێوەیەکی پتـەو بەرژەوەندیـە ئـابوری وسیاسـیەکانیان بـەم ناوچـەوە گـرێ درابوو. بەڵام لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووهـەمی جیهـانی و دابـەش بـوونی جیهـان بـە سـەر دوو جەمسەری ئەمریکی وسۆفیاتی ، جێپێی ئەمریکییەکان لەسەر حسابی ئۆروپییەکان ناوچەکە زۆر قایم بوو. دوابەدوای هەرەسهێنانی سۆفیات، ناوچەکە بە تەواوی بوو بە چەقی قورسایی بەرژەوەندییـەکانی ئەمریکا. بەڵام بـەو مانایـە نییـە وڵاتـانی ئۆروپا دەست بـەرداری ئـەو پەیوەندییـە مێژوویـەی خۆیـان بـوبێتن لـە رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت، بـەڵکو پـێش ئـەوەی ئەمریکیـەکان بەرنامەیـەکیان هـەبێت بـۆ ئەنجامـدانی ریفـۆرم، ئۆروپییـەکان لـە چـەندین برگـەی مێـژووی لـە سـەدەی رابـردوو وتەنانـەت لـەم سەدەیەشدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە سیستەمە سیاسی وئابووریەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاسـت و حـەوزی

دەریای سپی ناوەراست ریفۆرم ئەنجام بدەن و بیگونجێنن لە گەڵ بازاڕی ئۆروپادا. لێرەدا دەکرێت ئیشارەت بدەین بۆ رێکەوتننامەی هیلسنکی کە لە ناوەراستی ساڵی 1970 ئیمزاکرا لە نێوان وڵاتانی باشوری ئۆروپاو کەنارەکانی دەریای سپی، هەروەها لە ساڵی 1989 و1995 دیسان وڵاتانی ئۆروپا بە مەبەستی کەمکردنەوەی جیاوازی ئابوری وکۆمەڵایەتی نێوان هەردوو رۆخی دەریای سپی ناوەڕاست کۆنفرانسیان بەست . لەوەی دواییان کە بە کونفرانسی" شەریکایەتی ئۆروپاو دەریای سپی ناوەڕاست" ناسراوە رێکەوتننامەیەك ئیمزاکرا بە ناوی "رێکەوتننامەی بارشلونە" . لەو رێکەوتننامەیەدا وڵاتانی یەکێتی ئۆروپا هاوکاری خۆیان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابوری وسیاسی وڵاتانی باکوری ئەفریقا وکەناری دەریای سپی ناوەڕاست راگەیاند وبریاریش درا تاکو ساڵی 2010 ناوچەیەکی ئازادی بازرگانی بۆ وڵاتانی ناوچەکە بکەنەوە. لە بەرامبەریشدا هەر 12 وڵاتەکە( میسر، ئیسرائیل، ئوردن، لوبنان ، ماڵتا، سوریا، تونس، مەراکش ،جەزائیر، قوبرس، تورکیا وفەڵەستین)پابەندبوونی خۆیان راگەیاند بۆ دابینکردنی مافی مرۆڤ وئازادی رادەربڕین وئازادی سیاسی وبیرکردنەوەو خۆپیشاندان وپاراستنی مافی کەمینەکان.

لە ساڵی 1995وە یەکێتی ئۆروپا ساڵانە نزیکەی یەك بلیۆن دۆلار دەداتە ئەو وڵاتانە بە مەبەستی ئەنجامدانی ریفۆرم، فەڵەستینییەکان پشکێکی زۆری ئەو یارمەتیانەیان تاکۆ پێش هاتنە سەرکاری حەماس بەردەکەوت، بەڵام سوریا بەهۆی پابەند نەبوونی بە رێکەوتنەکە لەو یارمەتیانە بێبەشکراوە. لە ساڵی 2003وە یەکێتی ئۆروپا بەرنامەی " دراوسێکانی ئۆروپا"ی بۆ یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە دراوسێیەتی ئۆروپاوەو چاوەڕێی ئەوەیان لێناکرێت لە یەکێتیەکەدا وەرگیرێن هێنایە ئاراوە. بە پێی ئەو بەنامەیە هەروڵاتێکی دراوسێی یەکێتی ئۆروپا گەر هەستێت بە جێبەجێکردنی پێوەرەکانی ئەو یەکێتیەکە بریتین لە ( دیموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادی بیروڕاوبازرگانی ..هتد) لە لایەن وڵاتانی ئۆروپییەوە ئەو مافەیان دەدرێتێ کەڵك لە بازاڕی ناوخۆی ئۆروپا وەرگرن وهاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەش دەتوانن بە بێ پاسپۆرت هاتوچۆ بکەن بردن وهێنانی کاڵاکانیش رێگەی پێ دەدرێت. وڵاتانی ئیسرائیل ، ئوردن ومراکیش وتونس وفەڵەستین (تا پێش هاتنی حەماس)چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت یەکەمین گروپ بن کەڵك لەو بەرنامەیە وەرگرن. هەر لە ساڵی 2003دا وڵاتانی یەکێتی ئۆروپا "ستراتیژی ئاسایشی ئۆروپا"یان راگەیاند، بە پێی ئەو ستراتیژیە ئەو هەڕەشانەی کە چاوەڕێ دەکرێت ئۆروپا رووبەڕوویان بێتەوە بریتین لە" تیرۆریزم، بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژی، ئسولێەت، شەڕە ناوچەییەکان و تاوانی رێکخراو وئەو وڵاتانەی کە هەڵدەوەشێنەوە". هەرچەندە یەکێتی ئۆروپا پێی وایە بەشێکی زۆری ئەو هەڕەشانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە دەبێت پێش پەنابردن بۆ شەڕو رووبەڕووبوونەوەی سەربازی رێگەچارەی ئابوری و سیاسیانە بگرێتە بەر.

به هەرحاڵ سەرەڕای هەموو هاوکارییەکی ئەمریکا، وڵاتە ئۆروپییەکان بە هەموو توانایەکیانەوە دەستیان داوەتە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان وریگەگرتن لەوەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە نفوزیان کەمکاتەوە ئەویش لە چەندین رێگەوە. بۆ نمونە ئەڵمانیا وبریتانیا نەخشەیەکی نوێیان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم خستوەتە بەردەست وڵاتە عەرەبیەکان، ئەوەش لە رێگەی "گروپی تایبەت بۆ دیالۆگ لە گەل جیهانی ئیسلام" و"هاوکاری لە گەڵ جیهانی ئیسلام". لە هەمانکاتدا فەرەنساو ئیسپانیاو هۆڵەندا یارمەتی و هاوکارییەکانی خۆیان لە ناوچەکە زیاتر کردوە، بە تایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە ئامادەیی ئەوەیان تێدایە ریفۆرم قەبوڵ بکەن. لە راستیدا دوو هۆکاری سەرەکی هەن کە وا لە وڵاتانی عەرەب دەکات زیاتر پرۆژەکانی ئۆروپایان لا پێ پەسەندتر بێت لەوەی ئەمریکا؛ یەکەمیان ئەوەیە وڵاتە ئۆروپییەکان کەمتر لە رێگەی گۆشارو هەڕەشەوە ئەوەدەکەن وپێیان باش نییە ئەو حکومەتانەی ئێستا بگۆڕدرێن بە کۆمەڵێ حکومەتی تر لەوانەیە هاوشێوەی حەماس بن. دووەمیش ئەوەیە لە پرۆژەکانی ئۆروپاییەکاندا بە زەقی قسە لەسەر کێشەی عەرەب ئیسرائیل ودۆزینەوەی رێگەچارەی ئاشتیانە دەکرێت، کەچی لە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا کێشەی فەڵەستین وەك کێشەیەکی لاوەکی تەماشاکراوە، بگرە قسەیەکی وای لەسەر نەکراوە کە نەختێك عەرەب پێی شادمان بێت.

## لە پرۆژەیەکی ئەمریکیەوە بۆ پرۆژەی وڵاتانی پیشەسازی:

لە مانگی حوزەیرانی 2004 لە ئەنجامی ئامادەنەبوونی وڵاتانی عەرەبی بۆخۆگونجاندن لە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەوە لە ژێر گوشاری وڵاتانی تری ئەندام لە"G8 " پرۆژەکە هەندێك تەعدیل کراو ناوەکەشی بۆ "پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی بەربلاو" گۆڕا. ئەم پرۆژەیە لە دوو بەش پێك هاتوە؛ بەشی یەکەم تایبەتە بە زەرورەتی سەقامگیریی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست . ئەم بەشە بەوە لە وەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە جیا دەکرێتەوە کە زمانەکەی نەرم ترەو بە شێوەیەکی ورد باس لە گرنگی شارستانیەتی ناوچەکەو دەوڵەمەندی کەلتورو سامانی فیکری بازرگانی دەکات و جۆرێك لە دڵدانەوە و خاوکردنەویان بەرامبەر پیشان دەدات. ئەوەش دوویات دەکاتەوە کەهەر هەشت وڵاتەکە پشتیوانی لەو ریفۆرمانە دەکەن کە هەڵقولاوی ناوچەکەیەو بە ئەرکی سەرشانی خۆشیان دەزانن لە پێناوەدا هەموو هاوکارییەك پێشکەش بکەن. لە بەشی دووەمی پرۆژەکەدا باس لە زەرورەتی چارەسەرکردنی کێشەی عەرەب ئیسرائیل دەکرێت وپشتیوانی وڵاتەکانی ئەو گروپە بۆ "نەخشەی رێگا" دوپات دەکرێتەوە.باسکردنی کێشەی عەرەب ئیسرائیل لە م پرۆژەیەدا دڵنەواییەکی گەورەبوو بۆ عەرەبەکان، چونکە لە پرۆژەکەی ئەمریکادا باسی لێوە نەکراوە.

بەڵام سەرەڕای ئەو تەعدیلانەی کە لەکۆبوونەوەکانی سەرانی گروپی هەشت ئەنجام دراو، هێشتا لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی پرۆژەکە هەر بەهەمان ناو باس دەکرێت کە ئەمریکییەکان ناوی دەهێنن

وتەنانەت حکومەتی ئەمریکاش هەر بەهەمان میکانیزم کار دەکات کە بۆ خۆی لە پرۆژەکەدا دیاری کردوە. ولاّتە عەرەبیەکانیش (جگە لە عیراق وقەتەر وبەحرەین وتونس ویەمەن ومەراکیش ولوبنان) بە شێوەیەکی شێلگیرانە دژی ناوەڕۆکی پرۆژەکەن بە تایبەت میسر وسعودیە هەموو توانایەکیان خستوەتە گەڕ بۆ سەرنەگرتنی، حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر کە سەرقاڵی ئەوەیە کوڕەکەی وەك جێنشینی خۆی دابنێ ئەم پرۆژەیەی بە "خەیاڵی وەسف کردو پێی وایە دەبێتە هۆی هەرج ومەرج لە ولاّتانی ناوچەکەدا"؛ لەولاشەوە ولاّتەکانی یەکێتی ئۆروپا لە سەروی هەمووشیانەوە فەرەنسا بە دوودڵیەوە تەماشای دەرئەنجامەکانی پرۆژەکەی ئەمریکا دەکات.

## لە فۆرمی ئایندەوە بۆ مونتەدای دوارۆژ

سەرەڕای هەموو ئەوناڕەزایەتیانەش ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا توانی ولاّتانی تری ئەندامی گروپی هەشت لە کانوونی یەکەمی 2004 لە مەراکیش کۆ بکاتەوە و یەکەمین کۆبوونەوەی " رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی بەربلاّو" لە ژێر ناوی "فۆرمی ئایندە"(Forum for the Future) ببەستێ. لەو کۆبوونەوەدا جگە لە ولاّتانی "G8" پاکستان، مەراکیش و تورکیا بەشداریان کرد ، لە دانیشتنەکاندا بڕیار لەسەر ئەوە درا کە بەرنامەیەك دابنرێت بۆ بەدواداچوونی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری ڕیفرۆمدا لە ناوچەکە دروست دەبن. هەروەها بڕیاردرا جگە لە سەرکردە سیاسیەکانی ولاّتە پەیوەندیدارەکان، لەوەبەولاوە بازرگان وسەرکردەکانی کۆمەڵی مەدنی وڕێکخراوە NGOکانیش کۆبوونەوەی دەوری ببەستن بۆ ئالۆگۆری زانیاری وشارەزایی. لەو دانیشتنەدا کە سعودی و میسرییەکان و چەند ولاّتێکی تری عەرەبی ئامادەی نەبوون بگرە هەردوو ولاّتی ناوبراو کەوتنە دژایەتی کردنی ئەو دانیشتانە بەو بیانوەی کە کێشەی فەلەستینی پشتگوێ خستوە و دواتر داوایان کرد کێشەی فەلەستین بکرێتە ئەجندای سەرەکی کۆبوونەوەکە. بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم بڕی 60 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی تەرخانکرا بۆ ئەو بەرنامانەی کە لەو دانیشتنەدا بڕیاریان لە سەردرابوو. لە راستیدا کۆبوونەوەکە سەرەتایەکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەمریکییەکان پرۆژەکە لە تیۆرییەوە بگوازنەوە بۆکارپێکردن. یەکێك لە کەموکوڕییەکانی دانیشتنی مەراکیش ئەوە بوو ژمارەیەکی کەمی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە جیهانی عەرب بەشدارییان تێداکردبوو کە تەنیا خۆی لە پێنج ڕێکخراوەدا.

پاش ساڵێك لە دانیشتنەکەی مەراکیش، لە 11-12/تشرینی یەکەمی 2005 مەنامەی پایتەختی بەحرین میوانداریێتی " مونتەدای دوارۆژ"ی کرد وجگە لە هەشت ولاّتە پیشەسازییەکە نوێنەری بیست ولاّتی تری ناوچەکە و زیاتر لە چل ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی بەشدارییان تێدا کرد. ئامانجی دانیشتنەکە بریتی بوو لە لێکۆڵینەوە لە دوا پێشهاتەکانی پرۆژە هاوبەشەکەی ئەمریکاو ولاّتە پیشەسازییەکانی تری جیهان(G8). کوندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نوێنەرایەتی ولاّتەکەی کردو لە وتەیەکیدا لە بەردەم ئامادەبووان رایگەیاند"هاوڕییانم، ئێمە جارێکی

تر جەخت دەكەینەوە لە پشتیوانی كردنمان بۆپرەنسیپەكانی دیموكراسی وئازادی وكەرامەت ومافی مرۆڤ و پێمان وایە ئەو پرەنسیپانە لە سەروی هەموو جیاوازیە كولتوری ونەژادی وئاینییەكانەوەیەو هەمومان پێكەوە دەبەستێتەوە بۆ ئەوەی بە گیانێكی هاوبەش وبریارێكی هاوبەش كاربكەین".هەروها ووتی" دیموكراسیەت سەرناكەوێت گەر دەسەلاّتی یاسا پیرۆز نەبێت ومیدیاكان ئازاد نەبن وحكومەتەكان شەفاف وبەرپرس نەبن لە بەردەم گەلەكانیان ودادگاكان سەربەخۆنەبن ومەدەنییەكان بالاّدەست نەبن بەسەر سەربازەكاندا.." لە بەرامبەردا عەرەبەكان دیسانەوە لەم كۆبوونەوەشدا جەختیان لە سەر ئەوە دەكردوە كە دەبێت " هەر ریفۆرمێك كە دەكرێت لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا رەنگێكی ناوخۆیی هەبێت ودور بێت لە هەژموونی دەرەوە وناچاركردن. بەلاّم ولاّتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا جارێكی تر لە سەر زاری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی بۆ كاروباری دیپلۆماسی "كارن هیوز" كە ئامادەی دانیشتنەكان بوو دوپاتی كردوە كەوا "گۆرانكارییەكان بەو رەوتەی كە بۆی دەستنیشانكراوە دەچێت بەڕێوە، هەندێك جاریش لە سەرخۆ ئەنجام دەدرێت.. هەموو گۆڕانكارییەكانی ئەمریكا لە سەرخۆ ئەنجام دراوون، بەلاّم پێمان وایە هەر دەبێت باس لە گۆڕان ومافی مرۆڤ بكەین". گرنگترین بڕیارەكانی كۆبوونەوەكانی "مونتەدای دوارۆژ" بریتی بوولە درووستكردنی دوو دامەزراوی گرنگ:

- **دامەزراوی دوارۆژ:** بودجەیەكی 54 ملیۆن دۆلاریان بۆ تەرخانكردوە بۆ یارمەتیدان وهاوكاریكردنی ریكخراوەكانی كۆمەلّی مەدەنی بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەوانەوە نەریت وبنەماكانی مافی مرۆڤ و دیموكراسیەت لە ناو گەلانی ناوچەكەدا بلاّوبكرێتەوە. ئەو دامەزراوە پارەو یارمەتی تەكنیكی پێشكەشدەكات بەو رێكخراوە نا حكومی وناوەندە ئەكادیمی و سەندیكا پیشەیانە ی كە كاردەكەن بۆئەنجامدانی ریفۆرم ودیموكراسەت وهۆشیاركردنەوەی هاوولاّتیان بە مافەكانیان. قەتەر بڕیاریداوە تا ئەوكاتەی بارەگایەكی سەرەكی بۆ دەكرێتەوە میوانداریێتی دامەزراوی دوارۆژبكات و بڕی10 ملیۆن دۆلاریشی پێشكەش بكات.
- **سەندوقی دوارۆژ:** بۆ ئەم سەندوقە بڕی 100 ملیۆن دۆلار تەرخانكراوە وئامانجیش لە دروستكردنی بریتیە لە یارمەتیدانی تەكنیكی بۆ پرۆژە بچوك وناوەندەكانی ناوچەكە تاكو لە رێگەیانەوە گەشەیەك بدرێت بەبواری ئابوری ورەخساندنی هەلی دۆزینەوەی كار بۆ بێكاران. كوندالیزا رایس جەختی لەسەر ئەوەكردوەوە كە دەبێت لە ماوەی دەسالّی ئایندەدا هەلی كاركردن بۆ 100ملیۆن كەس برەخسێنین. كاری سەرەكی ئەم سەندوقە لە مەراكیش ومیسر دەبێت.

وابڕیارە ئەو دوو دامەزراوە لە لایەن دوو ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن لە كەرتی تایبەت بەرێوەببرێن ولە هەریەكەشیاندا نوێنەرێكی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە هەبێت وبەدوور بێت لە دەستێوەردانی حكومەتەكانی ناوچەكە وهەر دامەزاوێكیش بە سەربەخۆیی كاردەكات.

## "ناتۆ" وپرۆژەکە:

پـەیمانی بـاکوری ئەتڵەسـی""نـاتۆ"" رێکخراوێکـی سـەربازیەو پـێش 54 بـۆ رووبەڕووبونـەوەی مەترسی بلاّوبوونەوەی شوعیەت لە لایـەن ئـەمریکاو ولاّتـانی تـری ئۆروپـاوە دامـەزرا وئێـستا 26 ولاّت تێدا ئەندامە. بەلاّم لە پاش راگەیاندنی" پرۆژەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گـەورە" لـە لایـەن ئـەمریکاوە، بۆچونێك لە ناو هەندێك لە سەرانی سیاسی ئەو ولاّتە، بـە تایبـەت لـە كۆنگرێس و وەزارەتـی دەرەوەدا هەیە تاکو "ناتۆ" بکاتە هێزێك بۆ رووبەڕوبونـەوە لـە گـەلّ ئـەو مەترسیانەی چاوەڕوان دەکرێـت لـە رۆژهەلاّتی ناوەڕاست وئاسیای ناوندەوە سەرهەلّبدەن.

لەو بارەوە "نیکولاس برنز نوێنەری ئەمریکا لەو رێکخراوە لە کۆبوونەوەی مانگی تشرینی یەکـەمی 2003 کە لە پراگ بەسـترا رایگەیانـد" هێشتا ئـەرکی پاراسـتی ئۆروپـاو ئـەمریکای بـاکور لـە ئەسـتۆی "نـاتۆ"دایـە، ئێمـە پێمـا وانییـە ئـەتوانین تـەنیا لـە سنوورەکانی ئـەمریکای بـاکور وئۆروپـای رۆژئـاوا وناوەندیدا خۆمان بپارێزین. دەبێت هێزەکانمان بە ئاراسـتەی رۆژهـەلاّت وباشـوردا ببـەین. ئێمـە پێمـا وایە ئایندەی "ناتۆ" لە باشۆر ورۆژهەلاّت و راستر بلێین لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورەیە"دایە

لـە پـاش هێرشـەکانی 11 سـێپتەمبەر و پـەلامارادنی عـێراق و کۆبونەوەکـەی ئەسـتەمبول لـە سـالّی 2004رۆلّی "ناتۆ" لە پرۆژەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە زیاتر دەرکەوت. لە مانگی ئـازاری 2004دا لە دانیشتنی ئەستەمبول بڕیاردرا کـەوا لەمـەولا ئـەرکی "نـاتۆ" بریتـی دەبێـت لـە رووبەڕووبوونـەوەی تیرۆریزم و تەشەنەسەندنی چەکی کۆکوژی و دژایـەتیکردنی بازرگـانی بـە مادە بێهۆشـکەرەکان و خـۆ ئامـادەکردن بـۆ رووبەرووبوونـەوەی کارەسـتاتی گـەورەی وەك لافـاو بومەلـەرزەو...هتـد. لـە رووی پراکتیکیشەوە بە شێکی زۆری هێزەکانی "ناتۆ" ئێستا لە ئەفغانستان...بەشداری لەسـەپاندنی پرۆژەکـە دەکەن. هەر لەو ئاراستەوە" چاك هاجل"ی ئەنـدامی کۆنگرێس لـە کۆرێکیکـدا کـە پـێش ماوەیـەك لـە برۆکسل بەسترا ووتی" ئێستا مەرج نییە لە ولاّتـە گەورەکانـەوە رووبـەڕووی مەترسـی ببینـەوە، بـەلّکو لـەو ولاّتانـەی کـە لاوازن ودەسـەلاّتی ناوەنـدیان تێـدا سـەقامگیرنیە تـرس زیـاتر هەیـە، بۆیـە دەبێـت "ناتۆ"خۆی ئامادەکات بۆ ئەو مەترسیانە." هەروها وتی نەوەی ئایندەی عەرەب وموسلمانەکان دەبێـت خۆیان لە نێوان دوو ئەگەردا ساغ کەنەوە یـان ئـازادی ودیموکراسـییان پـێ قـەبول بێـت یـانیش بـەدوای سیاسەتی بێ ئومێدیدا برۆن، بۆیە دەبێت ئامانجی ستراتیژی "ناتۆ" لە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیـست ویەك بریتی بێت لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستی گەورە.."

ئەمریکاییـەکا لـە رۆژهـەلاّتی ناوەڕاسـتی گـەورەدا رووبـەڕووی چـوار لەمپەربوونەتـەوە یەکـەمیان دروستکرنی عیراقێکی ئارام وسەقامگیر کە ببێتە نمونەیەکی باش بۆ پرۆژەکەیان ، دووەمیان هێنانـەدی خەونەکـەی سـەرۆك بـۆش بـۆ دامەزرانـدنی دوو دەولّـەتی ئیـسرائیل / فەلّەسـتین، و سـێیەمیان قلاّچۆکردنی تیرۆریستان وولاّتانی پشتیوانیکەرە لە تیرۆریستان و دوایەکەشیان بلاّوبوونـەوەی چـەکی

کۆکۆژی. "ناتۆ" دەتوانێت لە هەر چۆار لەمپەرەکەدا رۆڵی بەرچاو بگێرێت. ناتو دەتوانێت وەك چۆن لە ئەفغانستان هێزی سەربازی هەیە لە عیراقیش هەمان هەنگاو هەڵنێت؛ "ناتۆ" ئێستا لە عیراق تەنیا ئەرکی راهێنانی هێزەچەکدارەکانی عیراقی لە ئەستۆ گرتوە وئەمریکا ئەوە بە شتێکی گەورە نازانێت وتەماحی ئەوەی هەیە لە پاش کشانەوەی لە عیراق هێزێکی سەربازی "ناتۆ" لەو ولاَتە جێگیر بکات. لە کێشەی فەڵەستینیشدا دەکرێت هێزەکانی "ناتۆ" لە کاتی پاشەکشەی ئیسرائیل لە زەوییە داگیرکراوەکانی فەڵەستین ئەرکی پاراستنی ئاشتی نیوان هەردوو لایەنەکە بگرێتە ئەستۆ. لە هەمانکاتدا ئەمریکا دەیەوێت لە رێگەی تۆرکیاوە کە ئەندامێکی کاریگەرە لە "ناتۆ" پردێکی پەیوەندی لە نێوان جیهانی رۆژئاواو جیهانی ئیسلام دروستکات. بە تایبەت ئێستا لە تورکیادا حزبێکی ئیسلامی میانەڕەو دەسەلاَتدارە. بۆیە لێرەوە دەکرێت بلێن گرنگی تورکیا لە ئایندەدا بۆ ئەمریکییەکان وەك نمونەیەك بۆ ئیسلامێك کەلە گەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت وبازاڕی ئازاددا بگونجێ هیچ کەمتر نییە لەو گرنگیەی کە لە رووی جیوستراتیژیەوە لە سەردەمی شەڕی ساردا گیڕای. گیرانی دوو کۆبوونەوەی گرنگ لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك لە نیوان سەرانی ولاَتانی رۆژئاوایی ودونیای ئیسلام سەبارەت بە ئیسلام ودیموکراسیەت و کۆبونەوەی سەرانی ناتۆ لە ئەستەمبول بۆ چۆنیەتی کارکردن لە رۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گەورەدا شتێکی رێکەوت نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ئەو رۆڵەی کە چاوەڕوان دەکرێت لەمەولا تورکیا لە رێگەی "پەیمانی ناتۆ"وە لە رۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گەورەدا بیگێرێت.


سەرچاوەکان

- پرۆژەی رۆژهەلاَتی ناوەراستی گەورە رۆژنلمەی"الحياة" 2004/2/13
- الشرق الاوسط الكبير ام الجديد. د سيد محمد الداعور.
- مروری بر عملکرد طرح خاورمیانه بزرگ
- سیاست امریکا در خاور میانه د.علی راست بین اطلاعات سیاسی اقتصادی 219/220.
- جريدة الشرق العدد6509 12 ابرل 2006 .
- www.usinfo.state.gov تقرير من ديفيد شيلبي.
- www.dw-world.de
- مجلة العصر 4998-1427/4/2 الشرق الاوسط الجديد القديم.أ ميمة عبداللطيف.
- www.nato-qatar.com
- قراءة في الشرق الاوسط الكبير.. اشواق عباس الحوار المتمدن العدد 1073
- پرۆژەی رۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گەورەو چەند خوێندنەوەیەکی کوردانە..مەجید ساڵح